هونەر لە چاوەروانی، فریادڕەس دا

نووسینی : دکتۆر عەلی شەریعەتی
لەفارسییەوە : کۆسار ڕەشید هەڵە بجەیی

پێویستە بوترێت هونەر هەرشتێك بێت، بەهەر حاڵ بواریێکی پسپۆڕی ئاڵۆز و تایبەتمەندە و بمانەوێت و نەمانەوێت پێویستە کەسێك لەسەری بدوێت کەهونەرمەند بێت، بەبڕوای هەمومان من هونەرمەند نیم، بەڵام ئەم پەیڤەی کەلێرەدا دەربارەی هونەر دەیڵێم لەو جۆرە لێدوانانەنییە کە ئەمڕۆ باوە – و بەڕێساو دەستوری کەسانێك کە لەسەر بابەتێك، یان کۆمەڵەبابەتێك دەدوێن، کەپێویستە تێیدا پسپۆڕ بن.

چەندین زانست هەن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ستەمیان لێکراوە، ستەم لێکراو بەو واتایەی کەبێ خاوەنن، هۆکاری ئەو بێخاوەنییەش لەوەدایە، کە سنور و شێوەیان نادیارە، لەبەرئەوە بەهەر حاڵ وتەیەك کەمن دەمەوێت لەسەر هونەر بیڵێم لەو جۆرە نییە، من لێرەدا وەك پسپۆرێك لەبواری هونەردا نادوێم، بەڵکو وەك ئاگا دۆستێك، یان تاکێکی خوێنەری ئەم مەلەکەتە، کە دەتوانێت لەهەر پیشە و بوارێکدا کەتێیدا پسپۆڕ بێت لەسەری بدوێت، دەربارەی هونەر (دەدوێم)، بەڵام لەجێگای خۆم و لەپێگەی خۆمەوە، چونکە هونەر لەهەمانکاتدا رووخسارێکی جیاواز و تایبەتمەندی هەیە، روخسارێکی تەوا و گشتی و مرۆیشی هەیە، بەپێچەوانەی هەندێ لە زانستەکان کە لەپێگەی دیاریکراوی تایبەتی خۆیاندا بەتەواوەتی سنوردارن، کەسانی دیکە مافی ئەوەیان نییە دەربارەیان بدوێن هەروەك فیزیا و کیمیا و بیرکاری کە بەوشێوازەن ،وتەبێژی هونەر، هەموو مرۆڤەکانن لەهەمانکاتدا خودی هونەر و تەکنیکی کیشە، نەوەك تەنها هەرئەوەی کەهونەر و تەکنیك بێت، بەهەر حاڵ ناسینیشی بریتییە لەفێرکردن و بریتییە لەناسینی تایبەتی، بەڵام من وەکو یەکێك لە زمانحاڵەکانی هونەر لە سەردەمی خۆم و لەزەمەنی خۆمدا دەدوێم، لەهەمان پێگەی خۆمەوەیە، کەرەخنە و جیاکاری و بەراورد دەکەم، یان ئارەزوەکانی خۆم دەربارەی ئەوەی کە هونەر دەبێت، چۆن بێت، یان بۆچونی خۆم دەربارەی هونەر کە بۆچی بەم جۆرەیە؟ دەردەبرم.

بابەتی هونەر لە دوولایەنەوە جێگەی قسە و باسە بۆ ئێمە لایەنی یەکەم ئەوەیە ئێمە وەکو مرۆڤە رۆژهەلاتییەکان و بەتایبەتی تر، وا بەستەی چەند شارستانییەتێکی پر شکۆو گەورەیی و مرۆڤایەتین، بەتایبەت ئەمڕۆ کە هەموان

ئەوڕوشمەیان پەسەندکردوە، کە پێویستە لەسەردوو پێی خۆمان ڕاوەستین و لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی فەرهەنگی خۆمان پاشەکەوت بکەین و پێویستە لەفەنابون و سەر لێشێوانی بێئیرادە لەبەهاو چوار چێوە فەرهەنگییەکان بۆ خود بگەڕێینەوە، هەموو میللەتەکانی ئاسیاو تەنانەت ئەفریقاش ئەوەیان پەسەندکردوە.

هەندی وابیردەکەنەوە ئێمە ئەوەمان پەسەند کرد، کە دەبێت بۆ خۆمان بگەڕێینەوە، ئیدی بەسە و تەواوە، نەخێر ئەمە دەست پێک و سەرەتای کارە، بەڵام ئەم پرسیارەش تائێستا بێوەڵام ماوەتەوە.پێویستە خێراتر لەهەموو شتێک وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، کاتێک دەڵێین بۆ فەرهەنگی خۆمان بگەڕێینەوە ئەم (خـود)ە، کێیە؟ بەداخەوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر پانتاییەکی سنوردارو ڕاوەستاو و پەنگ خواردو گیرسابێتەوە چارەنوسی واتاکانیش لە باڕێکی ناسکدایە، کاتێک مەبەستێک، یان فکرێک بەیان دەکرێت، بەگشتی تێنەگەیشتن و، نەبیستن و، نەزانین و نەناسین، نەفی کراوانە لە بەرانبەریدا ڕاوەستان دروست دەبێت و نەک تەنها بە بەڵگەویستن و، زانست و لێدوان، بەڵکو بەهەموو ڕێگاکان و هەموو ڕێگا نا ئەخلاقیەکانیش، هێرشی دەکرێتە سەرو نڕایەتی دەکرێت، گەر لایەنێکیان ڕۆچووە ، بێدەنگ دەبێت، بەڵام گەر پێستی ئەستور بوو وبەهەر نرخێک ڕاوەستا، پاشان دێتە سەر، کە هاتە سەر بی نرخ دەبێت، بە ئەندازەیەک بی نرخ دەبێت، کەخودی ئەو بەرێزە لێی پەشیمان دەبێتەوەو تەویە دەکات؟ ئەم "گەڕانەوە بۆ خود"ە بەجۆرێکی وەها دەرکەوتووە، کەوا کەسانێک بە چەندین بەهای نڕاوار ئەم مەبەستەیان لەو وڵاتانە خستوەتەڕوو، ئەمڕۆ ئامادەن بە هەر نرخێک بووە خۆیان لەو تۆمەتانە دەربـاز بکەن، گەڕانەوە بۆخود، بەشێوازی زیندوکردنەوەی ئەفسانەکان و ڕەوشە چەق بەستووەکان و کۆنەپەرستی و ڕەوشە خێڵەکی و وەحشی و سەرەتاییەکانی لێهاتووە!، "لەکاتێکدا" گەڕانەوە بۆ خود بەواتای گەڕانەوەیە بۆ کەسایەتی خودو بەواتای دەرکەوتن وهەڵهاتنی ئەو ڕۆحە سازەندەو کاراو پێشڕەوەیە، کە لە ڕابردودا فەرهەنگی بنیاد نا، کۆمەڵگەی دروستکرد، شارستانییەتی دروستکرد، نەک بە واتای گەڕانەوە بۆ داخـوازو مەبەستە بێدەنگ و مردوەکان و کۆتا هاتوو لەسەر هەژماری پێداویستی وزەمەن، هەرگیز مەبەست ئەوەنیی، کەواتاکان و خۆشەویستی و هەستەکان و فکرەکان و فەلسەفەکان لە قۆناغی زەمەن بهێنێنە دەرەوەو لە موزەخانەکانی ئەمڕۆدا نمایشیان بکەین، بەڵکو پێویستە بەو شێوازە بگەڕێنەوە بۆ خود، کە واقعیەت و حەقیقەت پێویستی دەکات، واتە بۆ ئەو کەسایەتییە میللی و نەتەوەییە بە واتای نەتەوە و مرۆیی، نەک گەڕانەوە بۆ خێڵایەتی و هاو خاکی و هاو خوێنی، واتە لەبەرانبەر هێرشی بەها دەرەکیەکاندا سەربەخۆیی مرۆیی بەدەستبهێنین، لە هەمانکاتدا، یەکێک لە پەیامە ڕاستە وخۆو ڕەسەنەکانیان، نڕایەتییە لەگەڵ ئەفسانەی پروپوچ و کۆن گەرایی و، لەگەڵ هەموو کارێک کە یەک میللەت، یەک دید کوێرو لاوازو کەساس دەکات و لە داهێنان و نوێخوازی وپێش کەوتن و هەوڵی هەمیشەی و ژیان ڕایدەگرێت، لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ کەسایەتی فەرهەنگی، بە واتای گەڕانەوە نییە بۆ فکری ڕزیوو کۆن، بەڵام ئەم پرسیارە ئاشکرایە ئەو فەرهەنگە، کەپێویستە بگەڕێینەوە بۆی ئەو فەرهەنگە، کەپێویستە بیناسین و زیندوویبکەینەوەو بەناونیشانی ڕۆحێکی داهێنەری دروستکەر لەنێوخۆماندا بیڕوێنین چییە؟ گەڕانەوە بۆ خود (راستە)، بەڵام ئەو (خود)ە کێیە، وەڵامی ئەم پرسیارە بابەتێکی زۆر هەنووکەییە، ئیدی ئەمە بەناونیشانی پرسیارێک ئاراستە ناکەین، "گەڕانەوە بۆ خود"، گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی خۆمان، واتە ئێمە ئێستا پێویستە خۆمان بناسین و بەدیدی ئەو مرۆڤە و بەلێکۆلینەوەو وردبینی زانستی فەرهەنگی- مانەوە دەست پێبکەین یەکێک لەم کارانە، هونەرە بەپێچەوانەی دادوەریەتی و بڕیاردانی ئەمڕۆ کەلە بیرەوەری نەوەی ئێمەی نوستودا چەسپاوە، ئێمە نەک تەنها لەڕوانگەی هونەرەوە، بەڵکو لەهەموو ئاراستە و ڕووەکانی دیکەشەوە، لاواز نین. و نەک تەنها نابێت بەناونیشانی سەرەتاییەکان لەبەرانبەر دەرکەوتنەکانی ئەمڕۆی هونەری پێشکەوتوی دنیا ڕاوەستین، بەڵکو ئەگەر هونەر بەراستی لەهەموو ڕوەکانییەوە

(هەموو دنیا و هەموو لایەنەکانی مێژووی هونەر و شوێنە جۆراوجۆرەکانی) بەناونیشانی یەک خوێنەرو یەک مێژوو نوسی سەربەخۆ، نەک لەو وەرگێڕانانەی، کە لەمێژووی هونەردا "دەبێت" یان "بەرهەمێک" کە هونەرمەندانی ئەوروپی کەلە یۆنانەوە دەیگرن و بەفەرەنسا تەواوی دەکەن، دەینوسن، لێکدانەوەیان بۆ بکەین، دەبینین ئێمە نەک تەنها ناوەندێکی زۆر بەرزمان لەهونەردا هەیە، بەڵکو ئەمەوێت بڵێم ئەمڕۆ چۆن هونەری مۆدێرن، واتە هونەرێکی سەرچڵی سەدەی بیستەم و یەکەمین شەپۆل و پێشڕەوی هونەری سبەینێیە، هونەرێکە بەشێوازێکی نوی هەوڵدەدات تاخۆی لەڕۆحی هونەرێک نزیک بکاتەوە، کە ڕۆحی بنەڕەتی هونەری ڕۆژهەڵاتییە، دووەم ئەوەیە کەبابەتی هونەری بەپێچەوانەی ڕابـردوو یەکێک لەبەشەکانی ناوەندی و بەش بەشکردنی ژیانی بالای هەندی لەچین و تویژە ئاسودە و سەروەتمەند و گەورەکان نییە، بەپێچەوانەی زەمەنی ڕابردوو، ئەمڕۆ، جدی ترین و، گرنگترین بابەتی مرۆییە، کەلەنێو جیهان و دنیای مۆدێرندا ڕوون و ئاشکرایە، جگە لەوە لەچوارچێوە سنورداڕەکان و کۆشکی گەورەکان و ژیانی سنورداری سەروەتمەندەکان، هاتوەتە دەرێ بۆ نێو خەڵکی و لەهەموو پانتایی نێو کۆمەڵ پەرەپێدان و بۆ هەموان بوونی بەدەستهێناوە. بەپێچەوانەوەی ڕابردوەوە جڵەوی هونەری نوێ بەدەستی سەردار و ئەشرافەکانەوە نییە- هەروەک چۆن لە ڕابردودا وابوو، بەڵکو بەدەستی بیرمەندانی بە ئازارو وروناکبیرانی هۆشیارەوە، هونەر بەپێچەوانەی ڕابردوەوە، مەڵبەندێکی بەش بەش خواز و چێژ بەخش نییە بۆ ژیانە داخراوەکان و چینی دەست ڕۆیشتوەکانیان بەڵکو لەجوڵەدایە لە ئاست و شانبەشانی فەلسەفەی ئەمڕۆدا و زیاتر و زیاترلە

پێشی ئەندێشەی ئەمڕۆوە پێشدەکەوێت، ناسینی هونەر، هەم لەروانگەی فراوانبوونی مرۆڤایەتی کە هونەری ئەمڕۆ بەدەستی هێناوە و هەم لە روانگەی پەیامی گرنگ و بڵند پایەی زۆرەوە کە هونەری ئەمڕۆ خەریکە بەدەستی دێنێت، بۆ ئێمە، کەوا پەیوەست بەفەرهەنگ و خاکێکەوە بێ گرنگی خۆی هەیە، چونکە لەم چەرخەدا دەژین.

لەلایەکی ترەوە گەرانەوە بۆ خود و ناسینی خود، بەواتایی سنوردارنبوون و بەندبوون نییە لەنێوان چوارچێوەکانی خوددا، بەڵکو کەسێك دەتوانێت "خۆی بناسێت" لەهەمانکاتدا دەتوانێت "کەسێکی دیکە" بناسێت، ئەو پەندەی کە هەیە دەربارەی زمان، زۆر راستە کەسێك دەتوانێت زمانی بناسێت کەبەدڵنایی‌یەوە زمانێکی دیکە بزانێت، لەبارەی ئەم بابەتەشەوە راست و دروستە کەسێك دەتوانێت فەرهەنگ و ئاین و رەگەز و حەز و مێژووی خۆی بناسێت، کەبەدڵنایی‌یەوە مێژو وئاین و زمانێکی دیکە بناسێت، ئەمەیە تەواوی هەوڵ و ئامانجمان، لەهەمانکاتدا بەدەستهێنانی کەسایەتی گۆراو، ونبووی خۆمانە، ناسینی رۆژئاوا ناسینی شەپۆلە نوێیەکانی دنیای ئێستا و شارستانی ئەمڕۆشە، بۆ ئەوەی کەهەر کەسێ لاوازی و گەندەڵی و لادان و پوچی خۆی لەئەستۆی رۆژئاوا دەنێت و ئێمە لەوە دەبەخشێت! لەکاتێکدا ئەم بابەتە خراپ خراوەتەڕوو، ئەم ئەوروپیە وەهایە کە ئێمە بوینەتە ئەوروپییەکی وەرگەڕاوە ؟! ئەوەی کەئێستا دەیبینین، لەبەر لاساییکردنەوەی رۆژئاواوە نییە، بەڵکو لەبەر لاساییەنەکردنەوەی رۆژئاوایە، بەهۆی نەناسینی رۆژئاوایە، لەبەرئەوە کە ئەگەر لاساییکەرەوەیەکی بەئاگایی رۆژئاوا بووبنایە، وئەگەر رۆژهەڵاتیش نەبوبنایە، تا رادەیەك شێوە رۆژئاواییەك دەبوین، لانی کەم دەبوینە شتێك، بەڵام ئێستا هیچ شتێك نین، من ئەم خاڵانەی کەڵێرەدا دەمەوێت بیڵێم لەسالی ١٩٦٢ لە(٥) کۆنفرانس کە لەنێو کڵێسایەکدا لەپاریس بەستم، ئەوەم خستەروو یەکێك لەو کۆنفرانسانەی کەبەستم لەسەر رۆحی میللەتی ئێران بوو، یەکێکی دی ژیانی ﴿پێغەمبەری ئیسلام﴾ لەژێر ناونیشانی (ژن لەچاو و دڵی محمددا(د.خ)) لەکۆردا نوسەرێکی کاسۆلیکی کە ژیانی تایبەتی ﴿پێغەمبەری ﴾بەشێوازی شانۆیی هێنابووی لەوێدا، یەکێکی دیکە دووبارە لەسەر هونەر لەچاوەڕوانی فریاد رەسێکدا بوو، کە دواتر ئەم کۆڕە لە تاران بەهۆی یەکێك لەبرادەرانەوە وەرگێرا، بەڵام بەهۆکارێك نیوەی هەڵبژێرا و نیوەی لابرا، بۆ ئەوەی کە دواتر بۆ من نوێکردنەوەی سەرنجی بنەرەتی لەهونەردا لام دروستبوو و دیدگای من لەسااڵەکانی دوایدا، گۆرانی بەسەردا هات، لەگەڵ ئەوەی کە لەوێدا خستمەڕوو ئەگەر چی کۆمەڵە مادەیەك وچەند تێڕوانینی جیاواز کەلەوێدا خستمەڕوو، لێرەدا دەیڵێمەوە، ئەڵبەتە لەگەڵ گۆڕانکاریەك لەونموونانەدا کەپێویستە لەکۆڕی سەرەوەدا هەبێت بەگونجاندنی لەگەڵیدا، ئەوەی کە رووت و ئاشکرایە لەم ناونیشانە کە من دەمەوێت بڵێم وا دەردەکەوێت، هونەر یەك وتاری دینییە و یەك حەقیقەتی باڵا و پیرۆزە کەرزگارکەری مرۆڤایەتییە، هەروەها پەیامێکی سەروی مادی و سەد لەسەد مرۆییە، بەڵام ئاین و هونەر دوچاری تێکچوون و لادان هاتوون، ئەویش نەك بەهۆی دوژمنەوە، بۆ؟ لەبەرئەوە هیچ شتێك بەهۆی دوژمنەوە توشی لادان و کەچ

بوون نابێت، دوژمن زیندووکەرەوەی دوژمنە، بەڵکو ئەوەی کەوا فکرێك و ئاینێك دەشێوێنێت و دەسرێتەوە، دۆستە یان دوژمنێکە لەبەرگی دۆستدا خۆی وێنا دەکات و نیشاندەدات هەموو ئاینەکان لەناوەوەی خۆیانەوە شوێنراون و لەناوەوەی خۆیانەوە رزێنراون. دەبینین ئیسلام، لەکاتێکدا رووبەروی قورەیش راوەستابوو، لەدۆخی سەرکەوتن ودرەخشانەوە و بڵندی و دەسەڵات و شانازیدا بوو، بەڵام کاتێك کەهەموو ئەوانە ئیسلام بوون و هاتن و بەرگی دۆستیان پۆشی، بارودۆخەکە گۆرانکاری بەسەردا هات و بەگشتی ئاراستەیەکی پێچەوانەی وەرگرت، ئەمەیە کەوا ئیسلام و مەسیحیەت و یەهود، هیچ کات بەهۆی بەرهەڵستکارانەوە، لە جەنگەکان و، بەرگری و بەربەرەکانێکاندا، توشی لاوازی، یان لادان نەهاتوون، بەڵکو هەروەك مەسیح دەڵێت: زاناکانی یەهودن کە ئایینی یەهودیان سەرەو ژێرکردوە، دەبینین پاپایزمەکانن ئایینی مەسیحیان دوچاری لادانکرد، دەبینین کەوا خودی ئێمەین کە ئایینی ئیسلاممان دوچاری لاوازی و لادانکردوە، هەروەها نە ئەفلاتون کە دژی شیعرە، یان کە دژی هونەرە، نەعادەتەن کەسانێك هونەریان لاوازکردوە کەپێچەوانەو دژی هونەرن و هونەر بە بێ هودە دەزانن، بەڵکو هونەرمەندانی گەورەی مێژوو هونەرمەندانی گەورەی چەرخی ئێمە لەرێ لایانداوەو بەو ناپەسەندییەی ئەمرۆیان گەیاندوە، هەرئاینێك پاش وەرگەران و لاوازبوون و لەپاش ئەوەی کە جێگاو سنوری خۆی پێچەوانە و دژ لەگەڵ رێرەوی یەکەمی هەڵدەبژێرێت، بەهۆی کەسانێکەوە ئەو لادانەیان دیاریکردوە، کەئاگایی و وشیاربیان هەیەو راستی ئەو ئاینە دەزانن ولەو دوو گروپەش نین، نە کەسانێکن کەباوەریان بەشتی دواکەوتوو شێواو هەیە نە ئەو گروپە نیوەرۆشنبیرەش کەبە هەموو شتێکی شێواو دواکەوتو رازین و دەڵێن ئاین، هەر ئەمەیە و دواتر نەیارن، بەڵکو ئەوانەی هۆشیاری تەواون و دەزانن کەشتێکی کەبووە و بووەتە شتێکی دیکە، (زیندو دەبێتەوە) دواتر ئەم هۆشیاریە بەشێوازی فکرێکی دیکە لەهەموو ئاینەکاندا دەردەکەوێت، ئەو باوەربوونە بەرزگاری یەکجاری و لەریشە دەرهێنانی گەندەڵی و ستەم و لادانە لەم ئاینەدایە، ئەم رزگاریە بەناوی (مسیانیزم)، بەناوی هەڵگرتن، کەلەبنەرەتدا فکرێکی شۆڕشگێرییە، کە لەپر رادەپەڕێ و لەناکاو هەموو عادەتەکان و چەمکە بێنرخاگاییەکان ئاشکرا دەکات و رێگای راست و دروستی ئەو ئاینە نیشاندەدات، هونەر یان ئاین لەو رێگەیەدا کەرێگەی یەکەمین بوو، بەرێوەیدەبات، هونەر ئێستا لەباریکی وەهادایە، لەباریکدا کەخراپترینی ئەرکەکان و ناپەسەندترین و دوژمنانەترین پەیامەکان لەدنیای ئەمرۆدا بەدەستی هونەر سپێردراوە، لەکاتێکدا پەیامی هونەر بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەوەیە، کە ئەمرۆ ئەنجامیدەدات و هەمیشە بەو شێوەیە بووە: هەمیشە راستیەکی بڵند پایەوجوانییەکی بڵند پایە بووە، کە خراپ سوودی لێوەرگیراوەو، پیسکراوە. بەوتەی مەولەوی ئەگەر دیتت پارەی قەڵب لەبازاردا بەهای پەیداکردوە، پێویستە بزانیت کە پارەی ئاڵتون هەیە و پێشتر بەهادار بووە، چونکە هیچ کەس پارەی ساختە دروست ناکات، بەڵکو پارەی ئاڵتونی ساختە دروستدەکات. خودی ئەم ساختەیە، خودی ئەمەی کەبەهۆی دین و ئایینەوە، بەهۆکاری هونەر و بەهۆی فەلسەفەوە، مرۆڤ بێئاگا(غافل) دەبێت، پێویستە ئەم بڕوایە لەئێمەدا دروستبکات لەپاش رێگای بێداری و رێگای هۆشیاری رێگای پێکەوە گونجانی مرۆڤ هەر ئەمە بووە، ئەگەر حەقیقەتی ئەم بابەتە زۆر گرنگە، ئەوەی کە ئەمرۆ لەنێو من و دۆستان و کەسانێك کەلەگەڵ منداجیاوازی فکریان هەیە، جێگەی قسەوباسە دەستە و ئاوێزی دوژمن بووە، ئەگەر حەقیقەتێك بووە هۆی خراپ سود لێبینینی واقیع دەبێت دەست لەو حەقیقەتە بشۆرین، یان بەپێچەوانەوە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم خراپ سود لێوەرگرتنەدا و دامالینی دەستی دوژمن لەو چەکەی بەدەستیهێناوە لەوەدایە، کە ئێمە حەقیقەت دەست پێوە بگرین و پارێزگاری لێبکەین ؟

ئەگەر رەهای بکەین ئەو سەرکەوتووەو ئێمەیش دۆراوین. یەکێکی دیکە لەو رێگایانەی خراپ سوودی لێدەبڕێت کەلەمێژوودا بەزۆری بەناوی ئایینەوە بوون، ئەمرۆلەدنیادا بەناوی هونەرەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەیە کەوا ئێمە پێویستە شوێنی حەقیقی هونەر بناسین‌و بناسێنین، ئەمەش بابەتێکی زۆر هەنووکەییە، لەبەرئەوەی هونەر تەواوی کاتەکانی ئێمەی بەخۆیەوە بردوە، واتە چەرخی سەدەی بیستەم جیهانی ئێمە. لە مێژووی هونەردا قسە لەسەر بابەتێك دەکرێت بەناونیشانی بواری هونەر، کە ئەویش جوانییە(ستاتیکا) من ئەمەوێت بڵێم ناساندنی جوانی بەناونیشانی بنچینە و ناوەرۆکی هونەر شتێکی دروست نییە، بەڵکو بەناویشانی یەکێك لەپلەکانە کە هونەر پێویستە لێوەی تێپەڕێت بەناستێکی بڵند پایە و بەرزتر بکات، بەڵام ئەمرۆ بۆ باسکردن لەسەر هونەر، پێویستە ستاتیکا بخەینە لاوە، چونکە ئەمرۆ هیچ بابەتێك لەمەبەستەکانی هونەری، فەلسەفی، زانستی، لەحەقیقەتی جوانی (ستاتیکا) گرنگتر و گوماناویتر نین ، بەپێچەوانەی بابەتەکانی (ماوراو الگبیعی) میتافیزیك و ئاینی‌و مەزهەبی لەو ناستەدا نییە کەشایانی نکوڵی لێکردن بێت، وەك ئەوەی لەو بابەتانە کاتێك کە دەمێننەوە بەسادەیی نکوڵی لێدەکەین، چونکە هەیە، چونکە هەموو مرۆڤایەتی لەژێر کاریگەری ئەودان و هەموو کەسێك لێکدانەوەی بۆ دەکات، ئەگەر جیاوازیەك هەیە لەنێوان جۆری جوانییەکاندایە، بەڵام لەخودی جوانیدا کەلە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە، چ لەدیدگای منەوە چ لەوەی لێی ورد دەبمەوە، کەسێك نکوڵی ناکات لەلایەکەوە ناچارین کە شیبکەنەوەو لەگەڵ هیچ شیکارکردنێکیشدا نایەتەوە.

لەسەردەمی ئەرستۆوە، وەك ئەوەی کە مێژوو دەڵێت: "هەوڵدراوە تا جوانی بەشێوەی بابەتێکی زانستی و فەلسەفی دیاری بکەن و سنور و شێوەی نیشانبدەن، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە بێسودەو تائێستا بەناکامی ماوەتەوە. ئەڵبەتە هەرکەسێك و هەریەکێك لەو بۆ چونانە کۆمەڵێك پەیرەو وکاری

خۆی هەیە، بەڵام هەر خودی ئەمە بەڵگەیە کەهێشتا باس بە جێگەیەک نەگەیشتوە.

من ناتوانم لێرەدا شتێك بڵێم دەربارەی بەشەکانی قوتابخانە هونەریەکان و گشت بۆچونە جیاوازەکانی کە بەدرێژایی مێژوو لە قوتابخانە جۆراو جۆرەکاندا دەربارەی جوانی ستاتیکا وتراوە، لەبەرئەوەی کەوا ماوەنییە، بۆیە ناچارم لەسنوری گشتی باسەکەمدا هەرکاتێك گەیشتم بەپێی پێویست وەك نمونە باسیدەکەم، بەدڵنیایەوە ناسینی جوانی هونەر بەستراوە بەناسینی مرۆڤەوە، بەتایبەت بابەت وبواری هونەر، پێش هەموو شتێك و پێش هەموو کات، بەستراوە بەشێوەی مرۆڤ ناسی مرۆڤەوە. من تەنانەت لەبابەتەکانی فەرهەنگ و شارستانییەتدا وتومە هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ پەرەپێدان و فەرهەنگ و تەواوکاری بەهێزکردن دەدرێن- هەموویان- بەناتەواوی دەمێننەوە، چونکە کەسێك دەبێت لەم شارستانی و لەم چوارچێوە فەرهەنگیانەدا بژی، نەناسراوە و ئارەزوەکانیشی نادیارە ئەوەش مرۆڤە، بەتایبەت هونەر پێش هەموو شتێك ئاتاجی ناسینی مرۆڤە، لەبەرئەوەی زۆرینە هونەر بەشتێکی خودی دەرونی، واتە سەد لە سەد مرۆیی دەزانن، ئەوانەی زۆر واقیع ی و زۆر ناواقیعی بیردەکەنەوە لەو باوەڕەدان کە جوانی بریتییە لەحەقیقەتێك لەنێوان(من) و شتێکی دەرەکی و بەرهەمێکی دەرەکیدا پەیدا دەبێت. لەبەرانبەردا دەبینین واقیعیش نیوەی بەتەواوەتی دەرەکی و نیوەی سەد لە سەد مرۆییە، کەواتە دەربارەی هونەر و جوانی ناتوانین بەتەواوەتی بدوێین، مەگەر ئەوەی کە پێشتر لەسەر مرۆڤ بدوێین.

ئەو بۆچونەی من هەمە دەربارەی مرۆڤێك کە ئەیناسم، بەشێوازێکی جیاوا تەنانەت جۆرێك بەپێچەوانە پاڵپشتی دەکرێت، ئەوەش ئەمەیە کە کاتێك ئەڵێین مرۆڤ(انسان) جیاوازە لەگەڵ(بشر)دا، (بشر) کاتێك پێکهاتووە کە لە مەیمون جیابوەتەوە، هەرئەوەندە کلکی لێبوەتەوە و لەسەر پێی راوەستاوە گۆڕاوە بەمرۆڤ، مرۆڤی حەقیقی بەردەوام لەگۆڕان و دروستبووندایە، لەکاتێکدابەشەر بەدیهاتویەکی ئاشکراو دیارە کە دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت و(٥٠٠٠٠٠) ساڵ پێشینەی هەیە (مرۆڤ) ئەو حەقیقەتە گۆڕاوە نییە، کە لەجۆری بەشەردا لەحاڵەتی هاتنە بوندایە، ئەوحەقیقەتەلەتایبەتمەندیەکانی دیکە دایە، کە لەقوڵای بنەڕەتییەوە تا فەلسەفە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆ، هەموو بەشێوەکان و لێکدانەوە عیرفانییە، جۆراوجۆرەکانی فەلسەفی، یان تەنانەت مادیش قسەیان لەسەر کردوە، ئەمەیە کەلە بەدیهێنراوێك، بەئەندازەیەك کە لەناوەڕۆکی سروشت و بەئەندازەیەك لەناوەڕۆکی کۆمەڵگە و هۆز و تیرەی خۆی و بەئەندازەیەك لەیاساکانی فسیۆلۆژی و مادی کەبەسەر هەموو بەدیهێنراوەکانەوە حوکم دەکات دادەبڕێت و جیادەبێتەوە، هەستی تەنهای هەستی ئازادی و سروشتی ئەم هەستە، پەشۆکاوی و دڵەخورپێ و کۆشش بۆ دووبارە پەیوەستبوون بەوەی ،کە بەهەوڵ لەو دابڕاوە تینویەتی و ئارەزوی هەمیشەی سەرکەوتن و تەواوکاری و ویستی هەڵبژاردن و هەوڵدان بۆ پرکردنەوەی ناتەواویەکان کە لەنێو جیهانی بووندا هەستی پێدەکات دێتە بوون.

ئەو بەهەشتەی کەمن دەیناسم'بریتییە لەشتێکی خودی و دەرونی کە پەیوەستە بەخودی مرۆڤەوە لەچیرۆکی دروست بوونی ئادەمدا بەوشێوەیەی کەمن تێگەیشتم مێژووتێکناشکێت، مێژوو سروشتی نییە، بنەڕەتێکی فەلسەفی و سونبوڵێکە ئەیەوێت ڕێگای ئێستای مرۆڤ ئەم جۆرە نەناسراوەی کە ئێستا بەناوی مرۆڤەوە دەیناسین، شیبکاتەوە، ئادەم واتە مرۆڤایەتی، بەهەشت واتە چی؟ ئێستا مرۆڤانێك دەبینین کە لەبەهەشتدان و تا ئێستاش لە بەهەشت دەرنەکراون- تا ئێستاش لەبەهەشتدان. کێ لەبەهەشتدایە ؟ ئەو کەسەی کەوا هەستەکات دنیا پرە لەنیعمەت، دنیا پرە لەچێژ و هەست بەتێری و پڕی دەکات، ئەو کەسەی کە لە خەیاڵی ئەوەدایە، کە چەند ساڵێکی دی پێدەچێت یاسایەك لەپەرلەمانەوە پەسەند بکرێت(٢٥ تەن) زیاد بچێتەسەر موچەکەی و، لەئێستاوە خۆش حاڵە، ئەوە لەبەهەشتدایە. ئەو هێشتا نەهاتوەتە دەرێ لەبەهەشت کەسێك کە ئەو میوە یاساغکراوەی کە خودا فەرمووی (نەیخۆیت) نەیخوارد، دڵخۆشە، ئاسودەو خۆشبەختە، مەگەر ئەو میوە یاساغە چییە؟ تەورات و قورئان هەردوو دەڵێن(بینایی و هۆشیاری) من مرۆڤانێك دەناسم کە لەبڵندترین پێگەی بەهەشتدان. ئێمە مرۆڤە بەهەشتییەکان دەناسین، مرۆڤانێك کە چێژ لەم دنیایە دەبینن (مرۆڤانێك کە دەبینین ماستی تازەی مڕ ماتووە، هەست بەچێژ دەکەن و هەرلە ئێستاوە هەست بەبەهار دەکەن، بەڵام بەهەشتێك کەبەتەواوەتی ئایدیا لیستی و خودیو دەرونییە، ئەوە ئەوەیە کە ئێستا نییە. هانری لۆفۆر دەڵێت: مرۆڤەکان دوو جۆرن هەندێکیان مرۆڤە (عەینی) یەکانن، کە سەد لەسەد واقیع بینن و، وردبین کە هیچ دەردێکی نامۆییان نییە، سەرتاپا ئەقڵن، بەڵام کام ئەقڵ ؟ ئەو ئەقڵەی کەبەسەر جیهانی مادیەوە حوکمدەکات. من چەند ساڵێك لەمە و پێش یەکێك لەوانەم بینی کاتێك لەڕێستوانێکدا بووم خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی (لومۆند)بووم، سەردێری ڕۆژنامەکە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر قوڵ نوسرا بوو دەربارەی (بولیود)، لەوێدا کودەتایەك رودایدا بوو، لەو کاتەدا کە من ئەو سەردێرەم -دەخوێندەوە، ئەو برادەرە لەکاتێکدا خەریکی خواردن بوو، سەری بەزەحمەتەوە خوارکردبووەوە کەلەژێرەوەی ڕۆژنامەکەوە لاپەرەی لای ئەو کەمێك هاتبوە دەرەوە، بۆ ئەوەی لاپەرەی سێیەم بخوێنێتەوە. من نەمزانی، گوتم: کام لاپەرە دەخوێنیتەوە ؟ گوتی :لاپەرەی سێیەم. لاپەرەی سێیەم لاپەرەیەکی (بازرگانییە)ە، واتە لاپەرەیەك کە لیستی نرخەکانی ئۆتۆمبیل و -کەرەستە، هەروەها نوسینی بەرزی و نزمی ڕۆژانەی دراوەکان، ئەم لاپەرەیە بۆ بازرگان و سەرمایەدارە گەورەکانە لێی پرسیم : تۆ چ کارەی وا ئەم سەر دێرە دەخوێنیتەوە ؟ تۆ خەڵکی بولیودیت ؟ گوتم : نەخێر من سیاسەت مەدارنیم، خوێندکارێکی ئێرانیم، خەڵکی مەشهەدم. گوتم : ئەی تۆ چ کارەی ؟ گوتی :

بەندە، خوێنکارێکی ئیسرایلیم مانگانە(٦٠٠) فرانك وەردەگرم و دەژیم. وتم : تۆ کارت بەدراوەوە چیە؟ بەهەرچەندە بابێت، گرانی و هەرزانی فرانك پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. گوتی: تۆ خەڵکی جێگایەکی دیکەی، دنیایتو سیاسەتمەدارییش نیت، دێیت سەیر دەکەیت تابزانیت دەنگ و باسی بۆلیود چییە؟ بەڵام بەهەرحاڵ من مرۆڤێکم کەلێرە دا بەم شەش سەد فرانکە دەژیم. ئەم بەرزی و نزمیەی فرانك، بەلیرە و دۆلار لەم ژیانە (٦٠٠)فرانکیەی منداڵ، کاریگەری هەیە: جگەرە دەکرم، ئەگەر بەهای فرانك بێتە خوارێ، دوو فرانك دەبێتە دوو فرانك و نیو، خواردن دەخۆم، ئەگەر چۆنییەتی فرانك بەو شێوەیەیەی، کەمن خوێندنەوەی بۆ دەکەم وا بێت، ساڵێك تێپەڕێت –واتە ساڵێکی دیکە–بڵێت (٥)سەنت زیاددەکات و هەموو ئەمانە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر ژیانی ئێمە، بەڵام ئەو شتەی کە تۆ دەیخوێنیتەوە هیچ کات بەرهەمی نییە! من راماڵ ماوەیەك لە یەکدیمان روانی بەتەواوەتی ئەوەمان لەچاوی یەکتردا خوێندەوە، کە تا چ ئەندازەیەك گەمژەین بە وتەی هانری لۆفۆر، سی سەرچاوە لە مرۆڤدا بوونی هەیە :یەکێك ئەقڵ، یەکێکی دیکە هەست و دەرك و ئەوەی دی بیرکردنەوەیە –ئەم پێکهاتانەیە. شتێك هەیە ئەویش هەستی دۆزینەوەی من و رەگەزی قبوڵکردن و ناسینی منە: ئەقڵ وەها دەڵێت، هەستی منە وەها دەڵێت بەو شێوە نییە؟ ئەقڵەکان جیاوازن و هەرکەس بەو شێوە ئەقڵەی کە هەیەتی دنیا دەبینێت، تەنانەت شتەکان و مادەورەنگەکانیش دەبینێت. بە دڵنیایەوە لەدیدی ئەقڵیەوە، کە لەگەڵ ئەقڵێکی دیکەدا چون یەك نەبێت، رەنگیش هەر بەو رەنگە کە ئەوی دی دەیبینێت چون یەك نییە، ئێمە دنیا، بەو شێوە نابینین، کە خۆی هەیە، بەڵکو دنیا بەو شێوەی کە خۆمان هەین، دەیبینین. ئەم ئارەزوە کەبەشێکە لەبوونی مرۆڤ، لەفەلسەفەی سروشتی ئادەمدا زۆر زۆر قوڵ و بەوردی تۆێکاری کراوە: ئەو ئادەمەی کە خاوەنی هەموو شتێك بووە و تێر بووە هیچ دەردو ئارەزوویەکی هەست پێنەکردوە هەموو خۆشی و نیعمەتەکانی لەبەردەستدا بووە وتویانە (لەو میوە نەخۆیت،)بەڵام بەفریوی شەیتان رۆیشت ئەم میوەیەی خوارد و یەکەمین وێنەدانەوە کە لەو دا دیاریدا، بەتەواوەتی ئاشکرا یە ئەودەرخستە چیە ؟ بەبێ هۆ رافەکارانی ئیسرایلی و ئیسلامی هەوڵیاندەن کە جۆری ئەو دەرخستە بدۆزنەوە، کەترێ بووە، یان گەنم، یان هەرشتێکی دیکە! ئەمە ئاشکرایە کەلەقورئاندا دەڵێت: پاش ئەوەی کە میوەکەی خوارد خودا بەدەمیانەوە هات، سەیریکرد دیار نین، بانگی کردن سەیریکرد نایەن گوتیان (ئێمە لەروتی خۆمان شەرمدەکەین). خودا زانی کەلەو میوەیان خواردوە، واتە پێشتر روتی خۆیان(پیسی خۆیان)، عەیبی خۆیان و چۆنییەتی خۆیان –کەوا چۆنە –هەستیان پێنەکرد بوو، هەر بۆ ئەوە خۆش بەخت بوون، هەر بۆ ئەوە لەبەهەشتدا بوون ئەم میوە لەتەوراتدا، راست و ئاشکرا بەمیوەی بینایی و میوەی هۆشیاری ئاشکراوە، هەربەم راشکاویەشەوە لە قورئاندا هەیە و تەواوەتی لەدەقیشدا هاتووە کەئەم میوە یاساغە، تا لە گەروی ئادەم رۆیشتە خوارەوە، بەهەشت لەچاو هەستیدا بووە جیهانی خۆڵین و پر رەنج و ئازار، بچوك و کەم و کەمتر لەمرۆڤ و لەئارەزوی مرۆڤ. ئەمە واتای کەوتنەخوارەوەو نیشتنەوەیە، بەهەشتی هەمیشەیی لەسەر رووی زەوی بووە وهەر ئەم زەویەیە ئێستاو هەمیشە دەبینین مرۆڤەکان بەئەندازەیەك کە لەو میوەیان زیاتر خواردبێت، خۆیان زیاتر لەسەر زەوی و لەنێو تەنگەبەر و لەکەمی و زەحمەتی ژیاندا هەستپێدەکەن، بە و ئەندازەیەش کەمتریان خواردبێت ئارامی زیاتریان هەیەو زیاتر چێژ دەبینن و تێردەبن و ئارەزوەکانیشیان خێرا بەتیرو پشکی بانکی ئاوەدانکردنەوە بڵند دەبێتەوە! ئەم ئارەزوە بووە کەهەر هەموو وجود و هەموو بوون لەخزمەتی برسێتی و تینویەتی ئەودا بێت ، دووبارە هەست بەبرسێتی دەکات. یەکێك لەناسراوەکانمان نەخۆش کە وتبوو دەیگوت:چاویان لێکردوم. گوتم :بۆ ؟ تێگەیشتم کەشەش مانگ لەوە و پێش دامەزرابوو موچەکەی لەبریاردا مانگی(٢٧٥ تمەن) لەشێوێنێکدا هاتبوو و دراوسێ و خزمانی چاویان لێکردبوو! کەسێك کەوا ئەم هەستەی هەیە، چەندە دنیا بەپری دەبینێت و تا چ ئەندازەیەك هەموو ئارەزوەکانیشی لەدەستکەوتندا یە. ئەمەیە کەدەڵێت (لە بەهەشتدا بەسەڵاواتێك هەرچی بیەوێت دەخرێتە بەر دەستی)لەمە سادەتر دەبێت، وشە هەیە لەمە راستر ؟ میوەیەك کە ئەم ئادەمە خواردوویەتی (ئەم میوە تەنها جارێك نەخواردوە، مرۆڤ هەمیشە لەخواردنی ئەو میوەدا)دەبێت. بۆ یاساغە ؟ چونکە مرۆڤ لەو ئارامی و تێری و ئاسودەیی و رەفاو خۆشیە دەکەوێت و لەدنیادا هەست بەکەمی دەکات و دیوارەکانی بوون بەسەر رۆحیدا تەنگەبەر دەبینێنت، ئەم دنیایە بە ئەندازەیەك مادەی نییە، کە ئەو بۆ هەمیشەیی رابگرێت بەقایلی، هەمیشە لەحاڵەتی رۆیشتن و لەحاڵەتی گەران و هەوڵ و لەحاڵەتی کار و چاوەڕوانیدایە. تێرنابێت و هەرکەس کە لەو میوە دەخوات، هۆشیاری زیاتر دەبێت، زیاتر هەست بەئاوات و ئارەزوو دەکات ئەمەیە سەرپێچی. کێ سەرپێچی دەکات ؟خود ئاگاو هۆشیار سەرپێچی دەکات، سەرپێچی بەرانبەر ویستی خواوەند، ویستی خواوەند چیە ؟ کۆمەڵە یاسایەکە کە لەمێژوودا بوونی هەیە، ویستی خواوەند کۆمەڵە یاسایەکە کە لەسروشتدا بوونی هەیە، ویستی خواوەند کۆمەڵە یاسایەکە کە لەتیرە و هۆز و

کۆمەڵگە و کۆبونەوەی مرۆیدا بوونی هەیە. کۆمەلە یاسایەك کەلەجەستە وفسیۆلۆژی مندا، بەناونیشانی مرۆڤێك و بەناونیشانی بوونەوەرێکی زیندو و لەم دنیایەدا بوونی هەیە، کەواتە ویستی خواوەند –کەبەئێمە دەڵێت. لەو میوە مەخۆن، واتە ئەم چوار دورگەو چوار جەبرو چوار زنجیرەی کە دەڵێن: لە نێو سنورو جەبریان دا بمێنەوە. مرۆڤێك کە بە بینایی و بە هۆشیاری دەگات، رەهای لە دەستی جەبری سروشت و جەبری مێژوو جەبری کۆمەڵگەو جەبری خود بەدەستدەهێنێت. ئەمەش ئەوەیە کە هێگڵ دەڵێت ئیرادەی رەها لەبەندی یەکەمین ئازادە، و هەر ئەو وتەیەیی هیگڵە کە بەشێك بووە لە عیرفانی ئێمە، هەر ئەو وتەیەیی هێگڵە ئاینی ئێمە دەڵێت، ئێمە بەرەو لای خودا دەگەڕێینەوە. هەر هەمان ئەو وتەیە کە ئاینی ئێمە دەڵێت (ئادەمیزادمان بەشێوازی خۆی دروستکرد)، دەڵێت : ئەومان بە جێنشینی خودا لە سەر زەویدا دروستکرد، واتە ئەم مرۆڤە لە کۆششی خۆیدا، لە بەندی سروشت و کۆمەلە یاسایەك کە سروشت دەست وەردەدات بۆبنیادی ئەو لە بونیادنانی ئەوداو لەو حاڵەتەدا مرۆڤ ئیدی روەك و گیان لەبەرێکە، هەر وەك لە زیندانی مێژوودا–بەو شێوەیەی ئیستۆریزم دەڵێن: واتە هەموو کەس دروستکەرو پێك هێنەری مێژووی خۆیەتی– رەهایی بەدەست دێنێت و رزگاری دەبێت، هەروەها پەیامی زیندان یاساکان و رەوشە کۆمەڵایەتیەکان نیشاندەدات، کە هەموو مرۆڤەکان دروستبووی پێگەی کۆمەڵایەتی و یاساکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیانن، جگە ئەو مرۆڤەی کەوا خەریکە بە هۆشیاری رەها دەگات و لە زیندانی خودی ئەم دنیا مادیە، واتە بەهەشتییەی خۆی رەها دەبێت و ئەم مرۆڤە، بەو ئەندازەیەی کە بە هۆشیاریو زانست دەگات رەهایی بەدەستدێنێت و دەبینین کە ئەمڕۆ پێیدەگات دەبینین کە ئێمە لە رێگەی تەکنیکەوە لە جەبری جوگرافی رزگارمان دەبێت، بەهۆی ناسینی کۆمەڵناسیەوە خۆمان پارێزراو سەربەخۆ دەکەین لە یاسا کۆمەڵایەتیەکان و بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵدەبین. مرۆڤی ئەمڕۆ کە کۆمەڵگەی دەگۆڕێت و بنیادی دەنێت، لە کاتێکدا مرۆڤی رابردوو بەو شێوەی کە تیرەو هۆزو کۆمەڵگەکەی دەیویست دروستدەبوو. هیچ کەس لە نێو هۆزدا هەرگیز بەم حاڵەتی هۆشیاریە نەگەیشتووە، کە بتوانێت رەوشی کۆمەڵگەکەی خۆی بگۆڕێت، لە ئاینەکەیدا گۆڕانکاری بکات، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ژیانیدا گۆڕانکاری بکات، بەو جۆرە ناکات، چونکە من بوونی نییە، مروڤی ئازادو رەها بوونی نییە من مرۆڤێك کە زیندانی خۆیەتی، واتە هەموو غەریزەکانی هەموو هەوڵەکانی، هەموو ئارەزووەکانی کە بۆ بەردەوامی ژیان، سروشت لە مندا دروستیکردوەو ویستی منی لە داوی ئەم جەبرە سروشتیانەدا ئەسیر کردوە، هەموو ئەمانە لە خۆم دوور دەخەمەوە، و پاشان ئەو مرۆڤە، واتە ئەو هۆشیارە رەهایە، واتە ئەو ویست هەڵبژێرە، لە خودا نزیك دەبێتەوە، لە(خودا بوون نزیك دەبێتەوە). ئەو مرۆڤە بەو ئەندازەیەی کە بە هۆشیاری دەگات، هەست بە رەهایی دەکات، هەست بە دابڕان دەکات و بە تەنهایی دەگات ئەم (تەنهایی)یە کە دنیا بەکەم دەبینێت و ئەو هەمان تەنهاییە کە شپرزی و نائارامی تێدا دروستدەکات، ئەم تەنهاییەیە کە خوانەکانی سەرزەوی و سفرەی سروشت ئارەزوەکانی تێر ناکەن.مرۆڤ هەرگیز بەرەو بێرەنگی ناچێت و نابێت ئارەزوی ئەوە بکات، کە بگاتە بێرەنگی، بێرەنگی واتە مردن، واتە بە گیا بوون. مرۆڤ پێویستە ئارەزوی ئەوە بکات، کە هەمیشە گەلێ ئارەزوی گەورەتر لە نێویدا جێگای ئارەزوە بچوکەکان بگرێتەوەو ئاواتی ئەوە بێت ئازار گەلێکی گەورەترو بەهێز تر هەست پێبکات. چ کەسێك تینوێتی و پەرێشانی زیاتری هەیە؟ نە هەر کەسێك کەوا زیاتر بەهرەمەندە، یان کەمتر باسەکە ئەمە نییە، بەڵکو هەر کەس کەوا زیاترو بەرزتر ئارەزوو مەندە، هەرخۆشی زیاتر ئازاراویترو پەرێشانە، لە کۆنفرانسی مرۆڤناسیدا کە لە بەلجیکا بە ئەنجام گەیەنرا، هەموو کۆمەڵناسان هاو رابوون لە سەر ئەوەی کە سەدەی بیستەم ناو بنێن سەدەی (پەرێشانی).بۆ؟ هەموو ئەو هۆکارە جۆراو جۆرانەی کە من لەبوارەکانداو بە بۆنە جۆراو جۆرەکانەوە، کە لێرەدا خستمەڕوو، بوونی هەیە، بەڵام ئەمە شایەنی نکوڵیکردن نییە کە مرۆڤی ئەمڕۆ زیاترو وشیارو خود ئاگا ترە لە مرۆڤی رابردوو. بە وتەی (دۆرکایم)، لەمرۆڤی ئەمڕۆدا(من) هاتوەتە بوون، واتە تاك لەوەوە هاتوەتە بوون.مرۆڤی رابردوو خانەیەك بوو لە جەستەی کۆمەڵگە، مرۆڤی رابردوو کائینێکی زیندوو بوو لە خودی سروشتدا و شیرینی ژیان و سروشتی لیهەڵدەقوڵا، بە هۆی ئەو شیرینی و شەربەتاوەوە بووتە گەورەو پەروەردە

دەبوو، هەر بەمەش دامەزراوی و ئارامی پەیدا دەکرد، بەڵام مرۆڤی ئەمڕۆ تەنهایە. ئەمە واتای چیە؟ واتە لەگەڵ ئەوەی کە لە نێو هەموانیشدایە، بەڵام تەنهایە. ئەم مرۆڤە ئارەزوی هەیە. ئارەزوو لە چ شتێك؟ بەو شتەی کە هیواو ئاواتی ئەو تێر بکات، واتە دیاریدەکات کە پێویستە هەبێت، بەڵام نییە ئەم ئارەزوە هەمیشە لەودا گەشە دەکات. بەئەندازەیەك کە بە ئاگایی و هۆشیاری و جیهان بینی زیاتر دەگات و سەر بەخۆ دەبێت و هەست بەوە دەکات، سروشت مانێکەو ئەو لە نێویدا لە گەڵ گیانلەبەرو روەکدا هاو خانەیە سەر ئەنجام، هەست بە کەمبوونە دەکات، لەگەڵ ئارەزوی ئەوەی کەجیهان دەرکی ئەو بکات چەند مرۆڤ تەنهاتر بێت، زیاتر لەنێو خۆیدا هەست بە غەریبی دەکات. ئەوەی کەوا کامۆ دەڵێت(بێگانە)، مرۆڤی ئەمڕۆیە کە لە گەڵ هەموو شتێکدا غەریبەو ئەم غەریبیە زیاتر لە هەموو کات، هەست بە پەیوەندی و ئاشنایی دەکات و پێویستی بە ئاشنایی و دۆستایەتی هەیە، دنیا هەمیشە لە گەڵیدا بێگانە تڕە، ئەو لە ناوەوەی خۆیداو لەبیرکردنەوە قوڵەکانی خۆیدا هەستدەکات، هەستەکانی ئەو کاتێك بەردەوامی پەیدا دەکات، لەم دنیایەدا دەگاتە جێگایەك، کەوا ئیدی بوونی سنور کۆتایی پێدێت، بە کۆتایی هاتن رازی دەبێت، بەڵام دیسان هەستەکانی بەردەوامە. ئەوەی کەوا هەیە لە گەڵ پێداویستیە مەعنەویی ومیتافیزیکیە ئامادەکانی خۆیدا بەراورد دەکات وە دەبینێت کەوا کەم دێنێت و هەست بە غەریبی دەکات. ئەم بابەتی غەریبیە، کە هەم سارتەرو، هەم کامۆو یاسپرس دەربارەی دەدوێن، بابەتێکی میتافیزیکی نییە، ئالێرەدا هونەر دێتە بوون، زانست هەوڵی مرۆڤە بۆ بەئاگابوون لەوەی کەهەیە تەکنیك و پیشەسازی بریتییەلە: ئامێری هەوڵی فکری مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زیاتری ئەوەی کەوا هەیە، بەڵام هونەر بریتییە : لە هەوڵ و کۆششی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کەوا پێویستە هەبێت، بەڵام نییە، کەواتە مرۆڤ کە هەست بەتەنهایی دەکات، بەهۆی هونەرەوەیە کە دەیەوێت لەم سەرزەوی و ئاسمان و ئەو شتانەی کە لەگەڵیدا نە گونجاوو جیاوازن و، بێگانەن لەگەڵیاندا، رەنکێکی ئاشنایەتی و پێکەوە ژیان دابنێت، تادەرکیان بکات و و بیان خوێنێتەوە، کەواتە کارێکی هونەر ئەوەیە لەپاش ئەوەی کە مرۆڤ بەئاگایی زیاتر لەسروشت هەڵات و سروشتی لەگەڵ خۆیدا بە بێگانە بینیو لە سروشتدا خودی خۆیشی بەغەریب زانی، بەهانایەوە دێت تا هەست بەغەریبیکردنی تێدا بشارێتەوە، چونکە مرۆڤ دیواری ئەم زیندانەی بەشێوەی ئەو مانەی کەئاواتی بۆ دەخوازێت ئەی خۆزگە دەبوو، بەڵام نییە دەرازێنێتەوە. ئەم هەموو شتە، ئەم ئاسمانە، ئەم ئەستێرانە و ئەم کێوانە ئەو مرۆڤە ناخوێننەوە و هەست پێناکەن، ئەویش لەنێوان ئەم هەموو شتە کوێر و بێگیانەدا، بەتەنهایی ماوەتەوە، بەڵام هونەر دێت و ئەم هەموو شتانە هەستیار دەکات. شیعری ئێمە، نمونەیەکی تەواوە، زۆربەی شیعرەکانی ئێمە ئیشیان ئەوەیە کە، شاعیر کۆمەڵ بوون و پێکەوە ژیان ببەخشێت. ئەم کەسە کەوا تەنهایە پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجان و هاوڕەگەزی لەگەڵ مۆمێکدا پەیدا دەکات هونەر مۆمێك دەگۆڕێت بە ئاشنایەك کەدیاربونی ئەو هەستپێدەکات هونەر هەڵهاتن و بەدەرکەوتنی خۆر، نەك بەناونیشانی سورانەوەی ئاسمان و زەوی بەشێوازێك، کە خۆر لەوێوە هەڵدێت و هیوای ئەو ناهێنێتە دی، بەڵکو بەناونیشانی پەیامێك کە لە ئاشناوە لەڵیوی رۆژهەڵاتەوە، هەڵدێت وەسفدەکات و لەم فریوە هونەریەدا، هەست بەغەریبیکردن و دوری ئەو لەشتەکانی سروشت، ناسکی و ئارامی پەیدادەکات. کارێکی دیکەی هونەر کەوا ئەنجامی دەدات، دروستکردن و وەبەرهێنانی شتێکە لەم ژیانەدا و لەم سروشتەدا نییە، بەڵام من پێویستمە کە خاوەنی بم، هونەری کۆن، لەسنوری لاسایی کردنەوەی سروشتدا راگیرابوو. وەك ئەوەی کە ئەفلاتون گوتبووی، هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە، ئەگەر هونەر لاساییکردنەوەی سروشتە، وتەی ئەفلاتون راستە: کەواتە هونەری گاڵتەکردن و، فریو و درۆیە، چونکە مرۆڤ کاتێك کەوا واقعیەت لەخزمەتی دابێت، ئەگەر لەو واقیعیەتە، کۆپی بکات، ئەم مرۆڤە ناتەواوی هەیە، بۆ نمونە کەسێك کە بە کۆپی ئاوی خواردنەوە دروستدەکات! کاتێك کە ئاو هەیە، ئیدی کۆپیکردنی بۆ ؟ ئەفلاتون راست دەڵێت هونەر گاڵتەیە و بێهودەییە، بەڵام من تەواو پێچەوانە تێدەگەم: هونەر بەتەواوەتی لاساییکردنەوەیە لە (ماورا) ی هەستپێکرا و، و (ماورا) ی سروشت، تا سروشت بەشێوازێکی وەها برازێنێتەوە و بنەخشێنێت، یان ئەوەی کە دەیەوێت هەبێت لەسروشتدا و نییە، دروستی بکات، هەست کردن بەپێویستەکانی ئەو بەشڵەژاوی و تەنهایی و گەورەتریش لەهەمووی، حەقیقەت بەخشین بە ئارەزووی تەواوکاریەکانی، واتە دوورکەوتنەوە لە کۆتی مادە هەست پێکراوەکان ئەمەیە، کەوا هونەر ئەو ئەمانەتەیە کە خواوەند بەمرۆڤی بەخشیووە.

بەزەوی و بە ئاسمان و هەموو کێوەکان و دەریای نیشاندا، هیچ یەکێك لەوانە وەریان نەگرت ؟ مەبەست ئەوە نییە کەراوەستا و گوتی ئەی کێو و ئاسمان ئایا ئێوە دەتانەوێت؟ پاشان گوتیان نەخێر دواتر مرۆڤ وەریگرت، بەڵکو واتە کێو و دەریا خاوەن داهێنان و هەستی هۆشیاری و ئارەزومەندی بەو ڕادە زۆرەی کە پێویستە نین، ناتوانن هەستی پێبکەن: نەئارەزو مەندن، نەبێئارامی و نەپەریێشانیشیان هەیە، نە دەتوانن دروستبکەن و بەرهەمبێنن. ئەوە مرۆڤە کەوا وەری دەگرێت چ شتێك؟ ئەو ئامادییەی کە دەتوانێت هەست بکات و دەتوانێت هەڵبژێرێت و دەتوانێت دابهێنێت. ئەمەیە کە گوتمان هونەر دەرکەوتنی هێزی داهێنکاری مرۆڤە لە قەرە بوو کردنەوەو جوانکاری بەردەوامی بوونداا مەبەست لە بوون هەموو شتێکە هەم بوونی سروشتی، هەم بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، هەم بوونی ئەندامی و هەم بوونی سنورو ڕادەی مرۆییان. هونەر دەرکەوتەی داهێنانکاری مرۆڤە لە بەردەوامی ئەم بوونەدا،کەوا دەرکەوتەی داهێنانکاری خودایە، هەتا سروشت و بوون بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێت و نییە، برازێنێتەوە یان ئەوەی کە ئەو دەیەوێت و نییە، دروستیکات، ئەمەیە کە هونەر هەر

وەك ئەوەی کە هیگڵ دەڵێت لە درێژایی مێژوودا لەو جودیەت و مادیەتەوە، خەریکە بەرەو ئاراستەی هۆشیاری و بەرەو ئاراستەی ئەقڵ گەرایدا دێت عەقڵانی بوون هزریەتی تەواوکاری پەیدا دەکات، مەبەستم لە بیرەوەری ئەو ئایدیالیزم و بۆرژوازیە نییە کە لەنێو هۆشی ئێمەدا هەیەو هەموشمان بە تاوانکاری دەزانین، کارێکم بە فەلسەفەشیەوە نییە، ئەو دەڵێت کەوا دنیای بوون سەرەتا رۆحێکی رەها بوو بێئاگا، پاشان هاتە نێو جەستەی سروشتەوە، دواتر ئەو رۆحە تەواو کامڵ بوو تا بە مرۆڤ گەیشت، پاشان مرۆڤ خەریکە بە هۆشیاری و خود ئاگایی دەگات و هەرچەند بە هۆشیاری زیاتر بگات، دەتوانێت تەنهایی هەست پێبکات و هەست بە خۆی بکات، چونکە خۆی تەنهایە، واتە ئەم بە تەنهایی بوون و هەست بە تەنهایی کردنە، واتە گەیشتنی ئەو رۆحە رەها ناخود ئاگایە لە مرۆڤدا بە خود ئاگابوون، واتە خودا ناسین. دەبینین کەوا بەو شێوەیەیە لە نمونەکانی خۆماندا سەیری(مەنوچەری و رودکی و فەرخی) بکە، ئاواتیان ژیانیان ئایدیاو ئارەزوەکانیان هەمووی(واقیعی) مادییە، ئامادەیە، ئازارو دەردی ئەمان چییە؟ ئازارو دەردی ئەمان نەبوونی ئەو شتەیە کە هەیە، لەکاتێکدا کەوا دەردی مەولەوی نەبوونی ئەو شتەیە کە نییە.

گفتند: یافت می نشود جسته ایم ما– گفت: أنکه یافت می نشود أنم أرزوست.

گوتیان: پەیدا نابێت و ئێمە گەڕاوین – گوتی: ئارەزوی ئەوە دەکەم کە پەیدا نابێت.

هونەر لە دوی ئەودایە، پیشەساز لە دوی ئەم دایە: پیشەسازی هەوڵدەدات تا ئەو شتەی کە لە سروشتدا هەیەو مرۆڤ پێی نەگەیشتووە پێی بگەیەنێ، تەواو بە پێچەوانەوە، لە هونەردا–بەو شێوەیەیی کە گوتمان مرۆڤ لە گەڕاندایە، بەدوی ئەوداکە نییە، شڵەژان و نا ئارامی لێرەوەیە دروستدەبێت ئەو تێکشکانەی کەوا سارتەر دەیڵێت لە کتێبی(ئەدەبیات چییە؟)دا کە ئەگەر شیعر پەیامی هەبێت، ئوزان ئەمەیە، چونکە هەرچی تێدەکۆشێت و هەرچی بوونیاد دەنێت و هەرچی زیاتر تەواوکاری بە دەستدەهێنێت وا هەستدەکات، کەوا زیاتر لێی دوور کەوتوەتەوە عادەتەن هەر ئەمە داینەمۆی تەواوکاری هونەرو مرۆڤە.

عیشقی مەنوچەری لە سنوری واقیعیەتدا لە خوارەوەیەو دروست "بەهەشتیە" کە بچوکترین هەستی مرۆی دەرکەوتنی تێیدا نییە:

صنمابی تودلم هیچ مدارا نشود– اگرامروز شودبی شك فردا نشود

ئەی مەعشوقم بی تۆ دڵم ئارام ناگرێت، گەر ئەمڕۆش بیگرێت، بێگومان سبەی هەر ئارام ناگرێت

پاشان دەگەین بە سەعدی، پاشان حافز و مەولەوی کە داستانی هەستیارو دەرکەوتنی رۆح لە نێو تەنهاییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت کە جیهانی گەورەو هەڵبژێراو کەوا وەهم بوونی نییە لە وێدا تەنانەت و جودیەت و واقیعەیت و مادیەت بوونی نییە لە وێدا، هەندی جار مرۆڤ دەیەوێت ئەم دیمەنە نەبینێت و... هەستی پێبکات، دەبینێت تەواو بە شێوازی یەك ئەقڵ تەواو بە وێنای دیمەنی عیشق و نەفسی هەستیار دروستبووە، عادەتەن هەندی جار لە ئاستی تێگەیشتندا نییەو ناتوانین تێیبگەین..

(اخر بەچە گویم هست، أزوی خبرم چون نیست).

(ئاخر بەچی بڵێم هەیە، کە خەبەرم لێی نییە)ئەمەدەربارەی مەعشوقی ئاسمانی نییە، ئەگەر چی بە شێوازێکی تەنها بوون و بالاوە وێنابووە وئیدی پێکەوە هەڵە ئەبێت، چونکە سنورەی واقیعیەتە، ئەم جیاوازیە کەوا هەمیشە دەڵێن شەرابی یەکتایی بووە، یان شەرابی تری، ئەمانە کۆمەڵە قسەیەکی بێهودە بوون. مەبەستەکە رۆیشتنە بەرەو تەنهایی بوون لە تەنهایی بووندا، ئیدی ئەم دابەشکردنانە نییە، لەنێو هەستدا ئەم دابەشکردن و سنورانە بوونی نییە، ئەو مەنوچەرییەیە کە کاتێك دێتە گۆ، مەبەستی ئەو شەرابەیە، کە لە ستایشکراوەکەی وەرگیراوەو رۆشنە لەپاش ئەوەی کە پیر دەبێت و دەبێتە ئایني، ئیدی ئاشکرایە، کەشەرابی ئەو شەرابێکی دیکەیەو، مەعشوقی ئەو مەعشوقێکی دیکەیە لەم هەستە کاملبووەدا، کەبەرەو تەنهایی بوون دەڕوات، ئەم باسانە باسانێکە کە شایستەی دیاردەو پاش ماوەو هەواڵی مەنوچەری و فەرخی و رەگەزپەرستیە. هەستی تەنهایی بە ئێرە دەگات کە دەڵێت:

أخر بەچەگویم هست، أزوی خبرم چون نیست–وازبهر چەگویم نیست، با أونڤرمچون هست

ئاخر بەچی بڵێم هەیە، کەخەبەرم لێی نییە– وەبەهەرچی بڵیم نییە، بینینم بۆ ئەو هەیە

بەتەواوەتی لەدەرونێکدا لەدەرونێکی مرۆیی جیاکراوەیە لەسروشتەکان وتا دەگات بەهەمان شیعر، شیعری نوێ، شیعری مۆدێرن. هەرگیز لەچوارچێوە ئاشکرا و دیارەکاندا نییە، کەئێمە دەبینین و هەستی پێدەکەین ودەیناسین، لەدرەخت و ئاسمان و زەوی کەدێتە گۆ، دەربارەیان نە ئەو ئاسمانەیە و نە ئەو زەویەیە نە ئەورەنگەش. نۆستی خۆشەویستم ئاغای موختاری کتێبێکیان وەرگێرابوو وەرگێرانەکەیان پێدام و لەو رۆمانە نوێیەدا خوێندمەوە، تەنانەت رۆمانێکی نوێ کە ئێمە دەڵێین پرە لەوەسفی شتەکان[2] دەڵێت، بەپێچەوانەوە ئەم شتانە هیچ کام لەوشتانە نییە، کە لەدەرەوەدا هەیە .دەڵێت :ئەو درەختەی من دەیڵێم، لەو درەختە نییە، لەباخدا رواوە درەختێکە لەدڵی منداا شێوەی هەیە و من وەسفیدەکەم ئەو مرۆڤەی کەمن دەربارەی دەدوێم، جیاوازە لەو مرۆڤانەی کەوا بایۆگراف، یان دکتۆر باسی لێوە دەکەن، مرۆڤێکە لە دیدگای منداا بوونی هەیە، لەم رووەوە من ئەوانە بەجۆرێکی دیکە دەبینم و بەشێوەیەکی دیکە لێکی دەدەمەوە و بۆ من جۆرێکی دیکەیە، هونەر هەمیشە بەپێچەوانەی ئەوەی کەئەرستۆ دەیڵێت لەو هەوڵەدا بووە، کە لەپێوەندی ئەوەی کە بینراو و هەستپێکرا و بووەو بابەتی زانستییە، بێتە دەرەوە و مرۆڤ بهێنێتە دەرەوە. هونەری هیومانیستی(مرۆڤ دۆستی) یۆنانی کۆن لەسەر جوانیجەستە و لەسەر جوانی واقیعیەت و لەسەر جوانی دەشت و کێو و زیاتر

لەسەر جوانی جەستەی مرۆڤ راوەستاوە، بە درێژایی مێژوو هەر کات هونەر بە ئازادانە دەرکەوتبێت و پەرچەکرداری فسیۆلۆژی نەبوو بێت، هەوڵیداوە خۆی لە کۆتو پێوەند رزگار بکات، هەموو شۆڕشە هونەریەکان بەهۆی هونەرمەندانێکەوە بەرپا بووە، کە خاوەنی هەستە میتافیزیکیەکان، یان بە پێچەوانەوە هەوڵیان ئەوەیە کە لە هونەرەوە نەوەک لە ئامێرێکەوە بۆ وێنە گرتن و وەسفی واقیعیەت، یان بۆ بە نیشاندانی ئادەمیزاد لە نێو چوارچێوەی بونی خۆیدا بنیاد بنێت، بەڵکو هونەر بە ناونیشانی بانگ هێشتێک و داهێنانێک و دروستکردنێکی خودای لە کردندا تەواوکاری بە دەستهێنانی هەستەکان و بوون و راستێتی مرۆڤ بخاتەکار، بۆ نمونە کاتێک کەسەیری بەرهەمەکانی بیکاسۆ دەکەین، بە شێوەیەک کە ئەمرۆ هیچ کەسێک نییە کاڵەکێک وێنە بکێشێت کەوا ئەقڵی مرۆڤ بکات بە ئاو وەها شۆڕشێک، شۆڕی هونەری نوێ نییە وێنەی تابلۆیەکی ستیلایڤی تریی دروستکردبو و کە پەندێکە دەڵێت: هەرکاتێک نیشانیان دەدا باڵندەکان دەهاتن و لێیان دەخوارد.

ئەمە نیشانەی لوتکەی توانای هونەری ئەم وێنە کێشەیە، بەڵام ئەمرۆ ئەم توانایە لە وێنە کێشاندا نییە...(متلك) دەڵێت ئەگەر من هونەرمەند بوومایە و ئەو توانا هونەریەم هەبوایە، ئەو تابلۆ هونەریەم دەدا بەدەستی منداڵێکەوە، کەبیبات تابڵندەکان نەتوانن ئەو تڕپیە بخۆن! دەڵێت: هەموو بەرهەمە هونەریەکان لەسەر بنەمای خۆدامالین لەبوون گەرایی و ماددییەتەوە بەرەو تەنهایی بوون و عەقڵگەرایی پلەبەندی دەکەین: لەهەموو مادی تر پەیکەرە، کەهەم بێگیانە و هەم سێ (رەهەندی)تەواو مادی هەیە، لەو تەواوتر وێنەیە، بۆ تەواو تر ؟ چونکە لە رویەکەوە ناتەواوترە. دووڕەهەندی هەیە بەو ئەندازەیەی کە رەهەندێکی کەمتری هەیە لەسروشتەوە، ئامادەییەکی نزیکتر بوونی هەیە لەبیرەوەریەوە، هەر بۆ ئەمەیە کە ئەمرۆ لەوێنە کێشاندا کەسانێکی گەورەی وەک و بیکاسۆ مان هەیە، بەڵام لەپەیکەرسازیدا هێشتا هەڵکەوتوانێکی وەها نەیاتوانیوە دروست بن، چ ئەوانەش کەوا گرفتاربوون لەسێ رەهەندی مادیدا سەما لەهەمانکاتدا هونەر یکی کلاسیك و هونەرێکی بەرجەستەیە (تجسمی) هەروەها ئەم دەرکەوتەییانە بەتەواوەتی چونییەکن لەگەڵ رۆح و دەرك و هەستەکاندا لەم رووە دەتوانێت دەرکەوتەی دەرونی ئادەمیزاد بەتەنهای بوون بێت مۆزیك تەنها و تەنهایەك رەهەندی هەیە، ئەویش کاتە وشیعر تەنها بوویەکی رەها و رووتەو ئەوەیە کەئێمە دەبینین، توانای ئەوەمان هەیە، چەمکەکان لەلوتکەی بەرزی خۆیاندا بەیان بکەین لەبەرهەمەکانی تردا وانییە.

ئەمرۆ پەیکەرسازی کە مادیترین دیمەنی هونەری کۆن و نوێیە، ئیدی وەك رابردوو هەوڵ نادات هەتا پەیکەری پاڵەوانێك دروستبکات، یان وێنەکێش هەوڵ نادات وێنەی پیاوێك، یان ئافرەتێك، یان کێوێك دروستبکات، پەیکەرساز ئەمرۆ لەبەرد جەستە دروستناکات، وێنەکێش بەرەنگ دەم و چاو دروستناکات، بەڵکو پەیکەرسا ز و وێنەکێش لەگەڵ بەردو رەنگدا دەدوێن، ئەمرۆ ئێمە دەبینین هەندێ لەبەرهەمەکانی پەیکەرسازی و وێنەکێشان، کە ئێمە خۆمان لەوانە باشتر دروستدەکەین، بۆ نموونە نایەوێت دەماخێك وەك دەماخێکی واقیعی بەرجەستە بکات! دەماخی واقیعی خۆی بەهای چیە ئەم بێت و کۆپیەکی لێوە دروستبکات! ئەم مرۆڤێك دروستدەکات، وەك ئەوەی کە بیکاسۆ دروستی کرد، لەنێو چاوانیدا چاوێك هەیە دەیەوێت چیمان پێبڵێت؟ دەیەوێت بڵێ؟ ئەو نایەوێت هونەرمەندی خۆی لەوێنەی ئەوەدا بخاتەروو کە هەیە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت (ئەمرۆ مرۆڤ بووەتە یەك رەهەندی) دەیەوێت ئەوە بڵێت، ئەمرۆ پەیکەر پەیکەری مرۆڤەکان نییە، بەڵکو پەیکەری مرۆڤایەتی دروستدەکرێت وەئەمرۆ بیکاسۆی وێنەکێش، لەدیواری یونسکۆ تابلۆی جەنگ و ئاشتی دانەناوە، وێنەی فەلسەفەی جەنگ و ئاشتی بەناونیشانی واتایەك نیشان داوە بەو شێوەی کەمن بەوشە لەسەر (جەنگ)و (ئاشتی) بەناونیشانی بابەتێکی مرۆیی لەسەری دەدوێم، ئەو بەفلچە قسەی لەسەر دەکات، نەك ئەوەی کە وەك وێنەگرێك وێنەیەکمان نیشان بدات. جۆرج سورات، ئیمپرسیۆنیزمێکی گەورە و تەنانەت بنەڕەتی ئیمپرسیونیستیشە، دەڵێت: پێ دەچێت، کەوێنەی ئەسپێك بکێشم، بەڵام ئەو ئەسپە نییە کە لەبیابانداهەیە، ئەمە چەمکو واتای ئەسپەکە رووندەکاتەوە، نەك پەیکەری ئەسپ کەشێوەیەکی وەرگرتوە، هەر ئەم ئیمپرسیۆنیستە دەڵێت ئەو کەسانەی کەمن لەتابلۆی دورگەدا (الجزیرە) نیشاندەداوە، کەسانێك بوون کە چ بوون و چەمینەوەکانی لەشیان لەخاڵانێکی بچوکی بێشومار پێکهاتبوو، جگەلە لەچەند شکلێکی خەیاڵی هیچی دیکە نەبوون[٣] تابلۆکان و رەنگەکانمان روناکترە لەرەنگەکانی تابلۆکانمان وپیسارۆ ئیمپرسیۆنیست بوو، ئەو ژیانەی کەتابلۆ نیشانیداوە ژیانی هیچ میللەتێك نەبووە، رووناکیەکی سەرکەش کەتیشك لێوەیدا باریبوو، بەڵام غەریب بەرۆح و نەفسی جەستە، بەگشتی جوولە تێیدا وەلانرا بوو، لەئیمپرۆسیۆنیزمدا، تابلۆیەکی سەر تاپا لەهەوادا نووقم بوو، بریتی نییە لەسەر زەویەك کەئەم حەریرە زیوینە هەتاویە کەم کەم بەسەریدا کێشرا بێت، بەڵکو لەوەدایە کە ئەوهەتاوو چۆن دەبینێت، یان ئارەزومەندە بەهەتاوێکی وەها، لەبەرئەوەی کەنییە دروستیدەکات وەك ئەوەی کەوا خاقانی دروستیکرد وەك ئەوەی شاعیرانی خۆمان، کەوا هەتاو دروستدەکەن. درەختانێکی نەناسرا و لەم تابلۆیەدا هەڵچوون و گیانلەبەرانێك، کەتەنانەت گیانەوەرناسی بەناوبانگ (فەوریە) وێنەی شێوەی ئەو گیانە وەرانەی بەخەیاڵدا نەدەهات، ئەمە واتای دروستکردنە، لەنەبوونەوە بۆ بەدیهێنان، پەیامێکە لەبۆ خودا و هونەر، واتە دەرکەوتنی خوایەتی هونەر سنورەکانی (گۆگان) سنورانێك کە گۆگان بەدیهێناون: دەریایەك بەدی دەکرێت، کەدەڵێی لەگەروی گرکانەوە رژاوەتە دەرەوە، ئاسمانێك کەچاوی هیچ کەسێك نەیدیوە، خەڵکانێکی وەحشی، واتە غەریب، واتە ئەوانەی کەوا نین و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەیەوێت ئەم مرۆڤە بڵێت گۆگان بەشوێن ئەم

مرۆڤەدا دەگەڕێن کە نییە، بەڵام دروستیدەکات، هەمان ئەو مرۆڤەی کە مەولەوی بەشوێنیدا دەگەڕێت، هەمان ئەو مرۆڤەی کەهەموو کەس بەشوێنیدا دەگەڕێت مەولەوی لەڕێی عیرفانەوە بە شەمس دەگات، گۆگان ئەم مرۆڤە لەڕێی وێنەکێشانەوە دروستیدەکات.

بەشێوازی سەرسوڕهێنەر، هێمای هەتاهەتایی لەنێو چاوەساده بێگوناهەکانی خۆیدا چەندان پەردەی خەیاڵی بەرەنگەکانی پەمەیی و مۆری تێربەتیشك و بلێسەیەکی وەها وێنە کێشرابوو، هەر یەکێکیشیان واتایەکیان دەگەیاند، بەجۆرێکی وەها کەلەهیچ پەردەیەکدا بوونی نەبوو، چەندان دیمەنی سەرسوڕهێنەر کەتێیدا گیان لەبەران و گوڵە دەشتییەکان لەژێر تیشکی ئاگریندا شارابونەوە و پەروەردە بوبوون، چ گەلانێکن کەوا لەنێو ئاگردا پەروەردە دەبن و دەگەشێنەوە، ئەم بەگوهاتنە وێنە و تابلۆیە، کەئەمرۆ هێگڵ دەڵێت: مادەیە و هەمیشە دەبێت لەپێوەندی سروشتدا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا کەتەنانەت گە چ و بەرد بەفەرمانی هونەر و لەژێر پەنجەی هونەردا بەرەو واتاو هەست و عەقڵانی بوون و تاکگەرایی دەگوڕێن.

ئەمرۆ کاتێك کەوا دەچینە نێو فەلسەفەوە، هایدگەر دەبینین کەبە مرۆڤ ئەو خودە راستیەی مرۆڤ، کە زانست هەمیشە لێی بێئاگابوو – سەرنجی هەیە وهەمیشە سەیری سروشتیدەکردو ئەوەی کەوا پشکنین و لێکۆڵینەوە دەنوێنێت و تۆژینەوە دەکات– سەرنجی هەیە، یاسپرس هێرش دەکاتە سەر زانست–ئەو زانستەی کە ئادەمیزاد لە خۆی نامۆ دەکات–بۆ ئەوەی خودی مرۆڤێك لە ناوەوەی ئەم سروشتەیدا، کەتەنها زانست و پیشەسازی دەست بە کارو پەیوەندی هەیە لە گەڵیدا مرۆڤێك بە تەنها ماوەتەوە لایەرێت سارتەریش هەر ئەم تەنهاییە هەستپێدەکات و دنیا بە لەدەست دانی هەموو شتێك دەزانێت و دەڵێت:مرۆڤە کە پێویستە بە بیرکردنەوەو ئیرادە خۆی دروستبکات، کامۆیەکە دەڵێت: بەم نەخۆشیە کوشندەیەو بێگانەیەی مرۆڤ لەم دنیایەدا، ئەو میحرابەی کە لوکرس دەڵێت: دنیا هەر ئەمەیە بۆ کی؟ بۆئەو کەسەی کە گەشتووە بەو خود ئاگایەو بەو تەنهاییە ئەو نەخۆشیە کوشندەیەو ئەو غەریبیەی هەیەئەو لە ژیانی مادیدا بە پوچی و بی بەهایی دەگات.کی؟ مرۆڤ.کام مرۆڤ؟ ئەو مرۆڤەی کە ئێستا لە سەدەکانی (١٧–١٨–١٩) بورجوازیدا دەیویست فەلسەفەی بورجوازی لە دنیادا بکاتە جێنشینی فەلسەفەی حەقیقەت پەریستی دین و فەلسەفە. بورجوازیەت بیری چوو بوو کە مرۆڤ ملیونەها سەدە پێش ئێستا، سەرپێچیکرد لە نێو بەهەشتێکدا کە خودا دروستیکردبوو هەمیشە بەکارهێنان و چێژو خۆشی بوو چۆن بورجوازیەت دەیەوێت لەنێو ژیان و لەنێو زەویدا بەهەشتێك دروستبکات مرۆڤی هۆشیار مرۆڤی تەنها و مرۆڤێك کە گەیشتوە بەم وشیاریە(میتافیزیکی)یە دەتوانێت بە هێمنی بمێنێتەوەو خۆیشی بە ئیری هەستپێبکات ؟سەرپێچی دەکات، ئەو سەرپێچیەی کە ئەمرۆ مرۆڤی دەسەڵاتدارو چینی باڵادەیکات بە تەواوەتی هەمان ئەو سەر پێچیەی کە ئادەمی ئاسودەی باڵادەست، کە لە بەهەشتدا کردی مرۆڤی ئەمرۆ بە هۆشیاری دەگات و سەرپێچی دەکات، هەر مرۆڤێك، ئەگەر چی لە بەهەشتی خودایی و هەمیشەیدا بێت، گەر بگات بە هۆشیاری سەرپێچی دەکات، لەبەرانبەر هەموو شتێکدا کە هەیە، حەسرەت و هەول و عیشقی گەیشتن بەوەی کە پێویستە هەبێت ئەمە یاسای مرۆڤایەتیە من باسی زۆرو فراوانم هەیە کە ناچارم دەبێت بیوەستێنم.

کۆتایی مەبەستم کە دەمەوێت پێشکەشی بکەم ئەوەیە، کە ئەمرۆ بەهەمان شێوە کە دەبینین هونەرهاوتای فەلسەفەو مرۆڤی ئاسودەو دەسەڵاتداری ئەمرۆ سەرپێچیکردوە بە پێچەوانەی هیومانیزم لە یۆنان و هیومانیزمی سەدەی رێنیسانس– کە رۆیشتن بوو بەرەو چێژو نیشاندانی سروشت و سنورو عادەت و جەستەی مرۆڤ و نیشاندانی جوانییە مرۆییەکان، و مانەوەی لە چوارچێوەی بینینگەرایی و واقیعیەتدا، سەرپێچیکردوە، سەرپێچی لە کۆت و بەندیبوون و بینینگەرایی، نەك سەرنگون بوون لە نێو گومانە خورافیەکاندا، بەڵکو بەردەوام بوون و بەردەوامی بە دەستهێنانی مرۆڤ لە سنوری سروشت و واقیعیەتدا، تەواوکاری لەسەر پایەکانی واقعیەت و بینینگەرای، راوەستان لە نێو بینینگەرای واقعیەت، نەوەك ساردبوونەوە لە بینینگەرای واقعیەت، کە ئەویش گومان و وەهم پەرستیە، ریالیزم واتە مانەوە لە چوارچێوەی ئەوەدا کە هەیە و ئەمە بە نەگۆرکردنی مرۆڤە ئەوەش هاودەنگ نییە، لەگەڵ مرۆڤی یاخی و مرۆڤی هەمیشە تینوداً، هەروەك ئایدیالیزمی گوماناوی خیانەتە بە مرۆڤ، کەوا واقعیەت حەقیقەتە. ئەمرۆ هونەر هاوپێچی مرۆڤ و فەلسەفە، رەچەشکێنی ئەم یاخی بوونەیە دژی سروشت و بینینگەرای رچەشکێنی نۆزینەوەی خودی مرۆڤە پێشکەوتن و گەشانەوەو بەخشین بە هەموو ئادەمییە میتافیزیکیەکان، تەنانەت بە میتافیزیکی ئەقڵ و ئەقڵانییەتی مرۆڤ، هونەر ئەمرۆ بە پێچەوانەی دوێنێ مانەوە نییە لەنێو تفندا، بەڵکو بنیادنانی جۆرێکی باشترە لە مرۆڤ و لە (بشر) وە ئەمە پەیام و ئەمانەتێکە بە وتەی (مترلینگ) (خواوەند کاتێك کە هەموو شتەکانی دروستکرد بە مرۆڤ گەیشت، کە گەیشت بە مرۆڤ دەستی لە دروستکردن کێشایەوەو، ئەو کارەی سپارد بە خودی مرۆڤ). مرۆڤی دروستکەرو بەدیهێنەر، واتە هونەرمەند مرۆڤێك کە لە هەموو شتێك دەبات، ئەمە گەورەترین هەیبەتی کاری هونەرە، کاتێك کە لە هەموو شتێك دەبات، لە کاتێکدا

که داهێنان دەکات و بە داهێنانەکەی هونەرەکەی دەهۆنێتەوە، دەژەنێت، دەتاشێت خۆی دروستدەکات خۆی بەیان دەکات، لە کاتێکدا من داهێنانێکی نوێ دەکەم خۆم دروستکردوە، کەسێك بەرهەمێکی نوی دەنوسێت، فیردەوسی کە شانامەی بەرهەمهێنا، خۆی بەدیهێناوەو مرۆڤ بە ئەندازەیەك پێشدەکەوێت و دەبێتە دروستکەری خود و سازێنەری خود، کە هونەر لە واتای مرۆی خۆیدا بێت، نەك لە واتای زانستی و پیشەسازی و پیشەگەریدا خۆیدا، ئەمرۆ هونەر بە شێوەی سەر گەرمی فەلسەفەی بورجوازی –کە رەسەنایەتی ژیانی سەردەم بێت– لە کوێیە؟ لەو بەهەشتەی کە ئەو دەیەوێت لە سەرزەوی دروستیبکات، کە تەنها چێژ بینین و مانەوە لە بەهەشتدا راست و دروست و هەمیشەیە، بەم شێوازە هونەر دەبێتە پیشەسازییەك بە ناونیشانی سەرگەرمیەکە خۆ خەریککردنێك بۆ پرکردنەوەی کاتەکانی بێکاری وەکو چێژ بەخشین و تەرکردنەوەی ژیانێکی وشکو ئەمە سپاردنی بی بەهاترین پیشەیە بە پیرۆزترین بەدیهاتوو کە هونەرە، ئەم سپاردنە کاری ژەنیارێکە(عربی) بە یەك داهێنەرو یەك پەیامبەری کۆتایی، کە ئەو سپاردەیەش هونەرە.

سەرچاوە : کتیبی هونەر

---

[1] –واتەبەوشیوەی کەمن گومان دەبەم وئیستا پێدەچیت هەموانەوبۆچوونانەی کەمرۆڤ دەیدەن راست نەبیت بەلام زانست واتەهەوڵدان وبیرکردنەوەوئاشکراکردنی بۆچون وهەمیشەوهەردەم ریکخستن وبەرانبەرکردن تاگەیشتن بەشوینی مەبەست بەدلنیاییەوەئیمەنابیت کاتێك کەبەعیلم والیقین وحق الیقین گەیشتین شتێك بڵێین چونکەناتاگایی مەحاڵە و جێگای نابێتەوە تەنها مەگەر بە وحی الیقین بگەین پێویستە ئەوەند بڵێین و ئەوەندە بیربکەینەوە هەتا بگەین.ئێمە مامۆستایەکمان هەبوو هەرکاتێك قورئانمان بەهەڵە بخوێندایە ئەوا زللەی لێدەداین، بەهۆی ئەوەوە بوو کە هیچ کەس نەیدەتوانی تا ئەوکاتە بەبێ هەڵە قورئان بخوێنێتەوە

[2]–رۆمانێکە کەدەیکەیتەوە، دەبینیت کەوا دەربارەی ئوتوبوس و بلیت کرین و هاتنی ئوتۆمبێل و هۆرێن لێدان و... هتد دەدوێت، کە هەموو وەصفی ژیانە مرۆڤ وا هەست دەکات ئەدەب و هونەر لەدەرونی مرۆڤ هاتۆتە دەرێ و بووەتە مادە و گۆراوە بەشکڵو بینرا و بەچاو هەست پێکرا و

۳-ئێمە هیچ کام لەم وێنانە لەگەڵ واقیعیەتدا بەهاو شێوە نازانین و هەریەم سادەییەوە گاڵتە دەکەین. بەدلنیایەوە هەمیشە داهێنانێکی نوێ سادە تر، لەهەموو شتێك گاڵتە کردن پێی و بۆ ریسواکردنی پێویستی بەهیچ پسپۆرێك و وێژدانێکەوە نییە، ئەوەندە بەسە کە تێنەگەم لەم حاڵەتدا خۆم تاوانبار نیم ئەو تاوانبارە !